کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 21:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە ئاوێنەی ئەم جۆرە ڕەشەکوژیەی ژناندا، بە ناشوکری نالێم ئیفلیجی وبێ دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و پەڕلەمان و یاسا دەبینرێت!... مەهدی خالید خەمبار

لە کاتی جەنگی عیراق ئێراندا، وامان لێ هاتبوو هەریەکەمان دەیتوانی ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی تێکڕای بەرەکانی جەنگ بخەمڵێنێت، چونکە درۆ و دەلەسەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عیراقی بە جۆرێک خۆیان لای خەڵکان ئاشکرا کردبوو کە لەمپەرێکی لە بەردەم ڕاستیدا نەهێشتبۆوە.



ئەم نمونەیەم بۆ ئەم شێوە ڕەشە کوژیەی ئەمڕۆی ژنان بۆ خوانەکردە بێ حورمەتیکردن بە ڕاگەیاندنی کوردیەوە نەهێنایەوە، بەڵکوئەوەندەی بە ڕێکەوت یان بە چپەوە لە کوشتنی ئافرەتان دەکەونە بەر چاو و زومی کامیرا ڕاستگۆ و بە ویژدانەکان و خەڵکانی خاوەن هەڵوێست، ئاخۆ چەند فادیمە و دوعا و شەوبۆی تر ڕۆژانە بە بیانوی پەرەمێز و گاز پیا تەقان و تاسان و دەرمان خواردکردن و هەڕەشە و گوڕەشەی بەشێک لە مامۆستا کاڵفام و کەم ئەزمونەکان گیان لە دەست دەدەن؟؟ ئەدی چەند دوعا و شەوبۆی ترسڕن و گوم دەکرێن و مێرد و برا و مام و برازا و ئامۆزا و تیتکزاکانیان ترسنۆکانە و هەر جارەی بە بەهانەیەکەوە گۆڕ و ناو وونیان دەکەن و لاشەکانیشیان بە جۆرێک دەشارنەوە کە تەنانەت کە فریشتەکانیش بۆ حیسابات کردن لە گەڵیان بە زەحمەت بۆیان بدۆزرێتەوە!!؟؟

ئەرێ گەلۆ کوشتن و بلۆک و بەردباران کردنی دوعا بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە بەر چاوی زەقی پۆلیس و ئاسایش و لە ناوەراستی شار و ئەو دونیا چاوە هەڵتۆقیوانەوە، چاوانی پیاوانی خودایی و دونیایی، هێرشی جاش ئاساییانەی جاران بۆ سەر برا یەزیدیەکان و سوتاندنی ماڵ و جێگە پیرۆزە دانسقەکانی یەزیدیەکان، ئەگەر ئەمانە هەموی بە کاری ئاسایی بزانرێت و حکومەت و پەڕلەمان نەیانویستبێت یا نەیانتوانیبێت ڕێ بەو سەرکێشیە بگرن، ئەدی تائێستا بە نیشادانی لولەی کەلاشنکۆفێکی میزەلی یان چواردەخۆرێکی بەر پشتێنی چوارشانەیەک (ئا) بگۆڕێت بە (نا) و (نا) بگۆڕێت بە (ئا) . جگە لە دەستەوەستانی و بێ توانایی حکومەت و پەڕلەمان بەو لاوە جێتر دەخوێنیتەوە؟؟

ئەرێ تا ئێستا و پاش تێپەڕبونی ئەمەندە ساڵە، هێشتا دەسەڵاتی تاک و خێڵ و ئاغایەتی و هۆز باڵا دەست تربن لە (یاسا) و پیاوانی یاسا و دادگا دەبێت لە ئاستیان و لە بێ پشت و پەناییاندا کڕنوشیان بۆ ببەن و ڕەش و سپی ئاڵ و گۆڕ پێ بکەن!!

ئەرێ گەلۆ کێ لێیان بەرپرسە؟؟ من، تۆ، ئێوە یان ئەوان؟؟

بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەگەر بەر لە بەرزکردنەوەی ساختمان و باڵەخانە بەرزەکان و میرات بەشکردن و مۆدیلات و قۆنتەرات و زۆر شتی وا کە تا ئێستا خۆزگە بە نەبونیان دەخوازین نمونەش دوو فرۆکەخانە (دوو هەوێ) کەیە کە هەرکەسێک جارێک بە هۆیانەوە گەشتێکی کوردوستان بکات، بۆ حەفتا باوکی تۆبە خواردوو دەبێت و جارێکی تر هەڵەی وا ناکاتەوە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

میلەت دەیتوانی بە بێ ئەمانە هەموی بژێت، بەڵام بێ یاسایی پشتی میلەتی شەقار کردوە! دەبوو بیر لە بە سەروەرکردنی یاسا بکرابایەوە، بیر لە دەستبڕینی هەموو ئەو چاوچنۆکانە بکرابایە کە چاویان بڕیوەتە قوتی ئەو میلەتە ڕەش و ڕوتە و یاسا دەخەنە ژێر پێڵاوە دڕاوەکانی جارانیانەوە!!!

ئەگەر بە جیاتی ئەمانە هەموو، حیزب و لایەنە کوردوستانیەکان وە بە تایبەتی یەکێتی و پارتی دەبوو هەموو هەوڵێکیان بخستایەتە گەڕ شەوو و ڕۆژیان لێک بدابایە تا یاسایەکی بنەڕەتی ئەوتۆیان بنیات دەنا کە پاشا و گەدا لە بەردەمیدا چون یەک بایە، هەموو تاکێک مافی پارێزراوبایە!

گەر هەموو لا هەوڵی جدی بۆ سەقامگیر کردنی ئەو یاسایە بدابایە کە هەموو تاکەکەکان بە پێی ئەوە ماف و ئەرکیان وەردەگرت، ئەوا نە ئەم پشا گەردانیە دەبوو نە دوعا بلۆک باران دەکرا و نە فلان کەس باڵەخانەکانی دەچونە کەشکەلانی فەلەک و نە (فاتیحاش بۆ گیانی پاکی کەرکوک دەخوێندرا ) !!!!!!

لە داهاتودا درێژەی دەبێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.